پوتن: ڕێککەوتننامەی ستراتیجی نێوان تاران و مۆسکۆ گرنگی گەورەی بواری بازرگانی و ئابوریدا دەبێت



ڤلادیمێر پوتن، سەرکۆماری ڕووسیا ڕایگەیاند، ڕێککەوتننامەی ستراتیجی نێوان تاران و مۆسکۆ گرنگی گەورەی بواری بازرگانی و ئابوریدا دەبێت و لە پێناوی هاوبەشی گرنگ و گەورەدا هاوکاری یەکدی دەکەن، لەوانە پڕۆپەدانی وەستگەی کارەبای ئەتۆمی و پێڕۆکانی وزە، هاوکاری لە بواری گەشتیاری، کەرتی گواستنەوە، کولتووری و هەماهەنگیی زیاتر لە پرسە ناوچەی و نێودەوڵەتیەکاندا دەکەن.

ڤلادیمێر پوتن، لەمیانەی کۆنگرێیەکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ هاوتا ئێرانیەکەی لە کۆشکی سەرکۆماریەتی ڕووسیا (کرەملین) لە مۆسکۆ ڕایگەیاند، سەردانەکەی مەسعود پزیشکیان سەرۆك کۆماری ئێران بۆ ڕووسیا بۆ تایبەتی گرنگە، چونکە نزیک هەر پەداچوونەوە بە هەمو بابەتەکانی پەیوەست بە هاریکاریی دوقۆڵی دەکەن، بەڵکو ڕێککەوتنی هاوکاری ستراتیژی نێوان هەردو وڵات واژۆ دەکەن.
ئاماژەی بەوەشکرد، ئەو پەیماننامەیە ستراتیژییە گرنگی لە پڕۆپەدانی هاوکارییەکانی نێوان هەردو وڵات، بەتایبەتی لە بواری بازرگانی و ئابوریدا دەبێت، هەروەها پرسی پڕۆپەدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەردو وڵات بەشێوەیەکی خێرا لە گەشەکردندایە، توانیویانە قەبارەی بازرگانی نێوان هەردو وڵات بە ڕێژەی 15% زیاد بکەن و دڵنیان کە ئەو پەیماننامەیە یارمەتیدەر دەبێت بۆ خێراکردنی

پەرلەمانی پەیوەندییەکان لە هەمو لایەنەکانەوە.

قلادیمیر پوتن باسی لەوەشکرد، "لەسەر بنەمای ئەو ڕێککەوتنە لە پێژی هاوبەشی گرنگ و گەورەدا هاوکاری یەکدی دەکەین، لەوانە پەرلەمانی وەستگەی کاربای ئەتەمی و پێژکانی وزە، هاوکاری لە بواری گەشتیاریدا بە ڕێژەی 21% زیاد دەکات، هاوکاری لە کەرتی گواستنەوە و پەرلەمانی ڕێگاکانی گواستنەوەش دەکەین" .

سەرکی هوسیا جەختی لە پەرلەمانی هاریکاری کولتوری و هەماهەنگیی زیاتری ناوچەی و نەودەوڵەتی لەسەر بنەمای ئەو پەیماننامە ستراتیژییەی نێوان هەردو وڵات کردەوە و وتی، "خەشحاڵین بە ئامادەبونی پزیشکیان لە هوسیا و هیوای باشترین بۆ ڕێبەری باڵای ئێران دەخوازین، کە ئەم پرسە دو قۆناغی نێوان هوسیا و ئێران لە ژێر چاودێری و کەنترۆڵی ئەواندا ئەنجام دەدرێت".